بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

حم (1)

سەرنجی سەرەتای سوورەتی (البقرة) بدە.

عسق (2)

سەرنجی سەرەتای سوورەتی (البقرة) بدە.

كَذَلِكَ يُوحِي إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (3)

ئا بەو شێوەیە(کەدەیزانت خوا) وەحی و نیگا دەنێرێت بۆ تۆ (ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم) وەبۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ (لەلایەن) خوایەکی باڵادەست و داناوە.

لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ (4)

هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدا هەیەهەرهەمووی ئەو (بەدیهێنەرو خاوەنیەتی)، ئەو زاتەزۆر بەرزو بڵندو گەورەو شکۆدارە.

تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِن فَوْقِهِنَّ وَالْمَلَائِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِي الْأَرْضِ أَلَا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (5)

ئاسمانەکان (چەندەتۆکمەو بەهێزن)خەریکن لەبەر گەورەی و شکۆداریی (ئەو زاتە) لەت ببن و لێکبترازێن و بەرببنەوە(هاوکات) فریشتەکان سەرگەرمی تەسبیحات و ستایش و سوپاسگوزاریی پەروەردگاریانن، داوای لێخۆشبونیش دەکەن بۆ (ئیمانداارانی) سەرزەوی، دڵنیا بن کەپەروەردگار لێخۆشبوو و میهرەبانە.

وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء اللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ (6)

جا ئەوانەی لەجیاتی ئەو زاتەکەسانی ترو شتی تر دەکەنەپاڵپشت وپشتگیر، ئەوانەخوا چاودێرەبەسەریانەوە، وەنەبێت تۆ (ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم) کرابیت بەسەرپەرشت بەسەریانەوە.

وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ (7)

ئابەو شێوەیەی کەدەیزانیت قورئانێکی پاراومان بەوەحی و نیگا بۆ ناردیت، بۆ ئەوەی شاری مەککەو دەوروبەری (کەهەموو زەوی دەگرێتەوە) ئاگاداریان بکەیت، بەتایبەت ئاگادارو هۆشیاریان بکەی لەڕۆژی کۆکردنەوەکەگومانی تێدا نیە(ئەوکاتەخەڵکی دەبنەدوو بەشەوە) دەستەیەکیان بۆ بەهەشت (بەڕێ دەکرێت) دەستەکەی تریان بۆ دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن.

وَلَوْ شَاء اللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن يُدْخِلُ مَن يَشَاءُ فِي رَحْمَتِهِ وَالظَّالِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ (8)

ئەگەر خوا ویستی ببوایەهەموویانی دەکردەمیللەتێکی یەکپارچە(هەموویان بەناچاریی ئیماندارو چاک دەبوون) بەڵام ویستی وایەکەهەرکەس (بیەوێت و شایستەبێت) دەیخاتەسایەی ڕەحمەت و میهرەبانی و بەهەشتی خۆیەوە، ئەو کاتەتاوانبارو ستەمکاران هیچ پشتیوان و یاریدەدەرێکیان نابێت.

أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء فَاللَّهُ هُوَ الْوَلِيُّ وَهُوَ يُحْيِي المَوْتَى وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (9)

ئایا بێجگەلە(خوا) پشتیوانی تریان بۆخۆیان دۆزیوەتەوە(لەحاڵێکدا کەهەر) خوا خۆی پشتیوانە، وەهەر خۆی مردوان زیندوو دەکاتەوە، وەهەر خۆی دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبِّي عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ (10)

لەهەر شتێكدا كێشەو ڕاى جیاوازتان هەبێت، سەرئەنجامى بڕیارەكەى بۆ خوا خۆى دەگەڕێتەوە(لەتوێى قورئان و سوننەتدا چارەسەرى كێشەكان ڕوونكراوەتەوە)، ئا ئەو زاتەیەخواى پەروەردگارم هەر پشت بەو دەبەستم و هاناو هاوار لەو دەكەم.

فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (11)

(خوایەك كە) بەدیهێنەرى ئاسمانەكان و زەوى یە، هەر لەخۆتان هاوسەرانى بۆ سازاندوون، لەئاژەڵ و مەڕو ماڵاتیشى جووت، (نێرو مێ)ى بۆ فەراهەم هێناون، لەو ڕێگەیەوەزاووزێ دەكەن و زۆر دەبن بۆتان، هیچ شتێك نیەلەوێنەى ئەو زاتە، هیچ شتێك لەو ناچێت (چونكەخوایەو بەدیهێنەرە، چۆن لەبەدیهێنراوەكانى دەچیت) لەهەمان كاتدا زاتێكى بیسەرو بینایە.

لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (12)

جڵەوى هەموو ئاسمانەكان و زەوى بەدەست ئەوە، ڕزق و ڕۆزیى فراوان دەكات بۆ هەركەس كەبیەوێت، یان كەمى دەكات و سنورێكى بۆ دادەنێت (هەموویشى بۆ تاقیكردنەوەیەلەلایەكەوە، وەبەڕێوەبردنى كارو بارى ژیانەلەلایەكى ترەوە)، بەڕاستى ئەوخوایەبەهەموو شتێك زانایە.

شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ (13)

ڕێبازى ئاین و بەرنامەى ژیانى بۆ داناون، هەروەك بۆ نوح (پێغەمبەرى) دانابوو، وەهەر بەو شێوەیەقورئانیشى بۆ تۆ (ئەى محمد صلى اللهعلیەوسلم) وەحى و نیگا كردووە، وەبەئیبراهیم و موسا و عیساشى ڕاگەیاندووەكەڕێبازى ئاین و یەكتاپەرستى بەرنەدەن و

لەسەری پایەداربن، (ئەم بانگەوازەڕاست و دروستە) زۆر بەلای بت پەرست و خوانەناسانەوەگران و زەحمەتە، بەڵام خوای (دانا) خۆی کەسانی شایستەهەڵدەبژێرێت (بۆ گەیاندنی ئاینەکەی)، وەڕێنموونی خەڵکی دەکات کەبێنەوەبۆ لای (بەپەرستن و ئەنجامدانی کارو کردەوەی چاك).

وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى لَّقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ أُورِثُوا الْكِتَابَ مِن بَعْدِهِمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ (14)

(میللەتانی پێشوو، بەتایبەت گاورو جوو) جیاوازی و کێشەو دووبەرەکی نەکەوتەنێوانیان، مەگەر لەدوای هاتنی زانستی و زانیاری تەواو بۆیان، ئەمەش لەبەر حەسادەت و ستەمکاریی و لادانیان لەڕاستەڕێگا بۆیان دروستبوو، خۆ ئەگەر بڕیاری پێشووتری پەروەردگارت نەبوایەکەتا کاتێکی دیاری کراو (مۆڵەتی داون) فەرمانی تیاچوونیان دەردەکرا، بێگومان ئەوانەی کەپشتاو پشت کتێبی خوا گەیەنرا بەدەستیان لەنەوەکانی داهاتوو، کەوتنەگومان و دوودڵییەوە، خەڵکیشیان خستەگومانەوەدەربارەی.

فَلِذَلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ وَقُلْ آمَنتُ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِن كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ (15)

کەواتە(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) لەبەر ئەوەتۆ بانگەوازی خۆت بکەو پایەدارو دامەزراو بەهەروەك فەرمانت پێدراوە، شوێن ئارەزووی ئەوان مەکەوە، (وەبەئاشکرا) بڵێ: من، باوەڕم هێناوەبەو کتێب و پەیامانەی خوا بۆی ناردووم، وەفەرمانم پێدراوەکەدادپەروەریی بەرپا بکەم لەنێوانتانا، چونکە(الله) پەروەردگاری ئێمەیەو پەروەردگاری ئێوەشە، بێگومان (دەرئەنجامی) کردەی خۆمان بۆ خۆمانەو کردەی ئێوەش بۆ خۆتانە، ئیتر هیچ بەڵگەو کەلێنێك نیەلەنێوانماندا (بۆ دووریی و جیاوازی) ئێمەو ئێوەهەر خوا خۆی کۆمان دەکاتەوەو سەرئەنجاممان بۆلای ئەوە.

وَالَّذِينَ يُحَاجُّونَ فِي اللَّهِ مِن بَعْدِ مَا اسْتُجِيبَ لَهُ حُجَّتُهُمْ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ (16)

ئەوانەی کەڕەخنەو قسەدەکەن دەربارەی ئاینی خوا دوای ئەوەی کەخەڵکی ڕوویان تێکردووە، ئەوانەلای خواو ئاینی خوا بەڵگەو ڕەخنەیان پوچەڵەو بەسەریاندا دەدرێتەوە، وەخەشم و توڕەیی خوایان لەسەرەو سزای سەختیان بۆ ئامادەیە.

اللَّهُ الَّذِي أَنزَلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَالْمِيزَانَ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ قَرِيبٌ (17)

خوا ئەو زاتەیەکەکتێبە(پیرۆزەکانی) بەحەق و ڕاستی ڕەوانەکردووە، هەروەها تەرازوو پێوەری دادی بەرپاکردووە، جا تۆ چی دەزانی لەوانەیەڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەنزیك بێت.

يَسْتَعْجِلُ بِهَا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا وَالَّذِينَ آمَنُوا مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا الْحَقُّ أَلَا إِنَّ الَّذِينَ يُمَارُونَ فِي السَّاعَةِ لَفِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ (18)

ئەوانەی کەباوەڕیان بەڕۆژی قیامەت نیەزۆر بەتاڵوکەن بۆی و پەلەیانە(دەڵێن: کوا؟ کەی پێشدێت؟ بەڵام) باوەڕداران لەبەرپابوونی دەترسن، دڵنیاشن کەکەبەرپابوونی حەقیقەت و ڕاستەقینەیە، لەڕاستیدا ئەوانەی کەلەقیامەت بەگومانن و بڕوایان پێی نیە، لەبزر بوون و سەرلێشێواویەکی قووڵدا ڕۆچوون.

اللَّهُ لَطِيفٌ بِعِبَادِهِ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ (19)

خوای گەورەزۆر بەسۆزو دلۆڤانەلەگەڵ بەندەکانیدا، ڕزق و ڕۆزیی دەبەخشێت بەهەرکەس کەبیەوێت (بۆ تاقیکردنەوەی)، بەڕاستیی ئەو زاتەبەهێزو باڵادەستە.

مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الْآخِرَةِ نَزِدْ لَهُ فِي حَرْثِهِ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الدُّنْيَا نُؤتِهِ مِنْهَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ (20)

جا ئەوەی کەبەرهەمی قیامەتی دەوێت و (لەدنیادا کارو کردەوەی چاك دەچێنێت) ئێمەپاداشتی بەزیادەوەپێدەبەخشین، ئەوەش کەهەر بەرهەمی دنیای دەوێت بەشی ئەویش دەدەین، بەڵام لەقیامەتدا هیچ جۆرەبەشێکی نیە.

أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ وَلَوْلَا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (21)

(داخۆ ئەو خەڵکەڕێگەی یەکتاناسی دەگرن) یان پەنا دەبەن بۆ بتەکانیان و (سەرپەرشتیاری ئایینەدەستکردەکان) تا بەناوی دینەوەڕێنمونیان بکەن و (حەرام و حەڵاڵیان بۆ دیاری بکەن) بێ ئەوەی خوا مۆڵەتی دابێت، خۆ ئەگەر بڕیاری پێشترمان نەبوایە(بەمانەوەیان تا کاتی دیاکریکراو) هەر ئێستەلەناومان دەبردن، بێگومان بۆ ستەمکاران سزای بەئێش و بەسۆ ئامادەیە.

تَرَى الظَّالِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا كَسَبُوا وَهُوَ وَاقِعٌ بِهِمْ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فِي رَوْضَاتِ الْجَنَّاتِ لَهُم مَّا يَشَاؤُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ (22)

(لەڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەدا) دەبینی ستەمکاران لەکاروکردەوەکانیان دەترسن، چونکەلەسەریان دەکەوێت، (هاوکات) ئەوانەی کەباوەڕیان هێناوەو کاروکردەوەی چاکیان ئەنجامداوەلەباخچەو باخاتەکانی بەهەشتدا )ژیانی کامەرانی دەبەنەسەر)، چییان بوێت لەلایەن پەروەردگاریانەوەبۆیان ئامادەیە، ئا ئەوەیەخەلات و ڕێزو بەخششی گەورەو بێ سنوورە.

ذَلِكَ الَّذِي يُبَشِّرُ اللَّهُ عِبَادَهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ قُل لَّا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُ فِيهَا حُسْنًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ (23)

بەو شێوەیەخوای گەورەمژدەدەدات بەو بەندانەی کەباوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، (ئەوانەش کەبەدەم

بانگەوازەوەنایەن ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیهوسلم پێیان) بڵێ: من هیچ جۆرەپاداشتێکم لەئێوەناوێت، تەنها ئەوەنەبێت کەخزمایەتی بفامن و ڕێزی بۆ دابنێن و (دوژمنایەتیم مەکەن)، دڵنیاش بن ئەوەی چاکەیەك ئەنجام بدات، ئەوەبەچاکتر پاداشت دەدرێتەوە، بەڕاستی خوای میهرەبان زۆر لێبوردەو سوپاسگوزارە.

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا فَإِن يَشَأِ اللَّهُ يَخْتِمْ عَلَى قَلْبِكَ وَيَمْحُ اللَّهُ الْبَاطِلَ وَيُحِقُّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (24)

یاخود (خوانەناسان) دەڵێن: (محمد صلی اللهعلیهوسلم بەدەم خواوەدرۆی هەڵبەستووە!! (نازانن ئەگەر شتی وا بکەیت) خوا مۆر دەنێت بەسەر دڵتداو (هیچت بۆ ناوترێت، بەڵکو) خوا دەیەوێت (بەم قورئانە) ئاسەواری بەتاڵ و ناحەقی نەیەڵێت، وەحەق و ڕاستی بەفەرمانی خۆی بچەسپێنێت، چونکەبەڕاستی ئەو خوایەزانایەبەوەی کەلەتوێی دڵ و دەروون و سینەکاندا شاراوەیە.

وَهُوَ الَّذِي يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ وَيَعْفُو عَنِ السَّيِّئَاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ (25)

هەر (خوا) خۆی پەشیمانی و (تەوبە)ی بەندەکانی وەردەگرێت، هەروەها چاوپۆشیی دەکات لەهەڵەو گوناهەکانیان، وەبەو کار وکردەوانەش کەئەنجامی دەدەن دەزانێت و بەئاگایە.

وَيَسْتَجِيبُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِ وَالْكَافِرُونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ (26)

خوای گەورە(ئاواتی ئەوانە) دەهێنێتەدی کەباوەڕیان هێناوەو کاروکردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، هەروەها لەفەزڵ و زیادەخەڵات و بەخششی خۆی بەهرەمەندیان دەکات، (بەڵام) بۆ بێ باوەڕان سزای سەخت و بەئێشیان بۆ ئامادەیە.

وَلَوْ بَسَطَ اللَّهُ الرِّزْقَ لِعِبَادِهِ لَبَغَوْا فِي الْأَرْضِ وَلَكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَاءُ إِنَّهُ بِعِبَادِهِ خَبِيرٌ بَصِيرٌ (27)

ئەگەر خوا ڕزق و ڕۆزیی بەفراوانی ببەخشێت بەبەندەکانی، دەستیان دەدایەتاوان و گوناهو بینایەبەبەندەکانی و بە(کارو هەڵوێستیان).

وَهُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ الْغَيْثَ مِن بَعْدِ مَا قَنَطُوا وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُ وَهُوَ الْوَلِيُّ الْحَمِيدُ (28)

هەر ئەو زاتەش کەباران دەگەیەنێتەفریایان دوای ئەوەی کەنائومێدبوون، هەروەها ڕەحمەت و بەخششی خۆی پەخش دەکاتەوە، (لەبەرئەوە) هەر خۆی پشتیوان و (فریادڕەسە) وەشایستەی سوپاسە.

وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَابَّةٍ وَهُوَ عَلَى جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَاءُ قَدِيرٌ (29)

لەنیشانەو بەڵگەکانی گەورەیی و دەسەلاتی خوا: دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەو زیندەوەرانەیەکەتیایاندا. بڵاوی کردۆتەوە، هەر کاتێکیش بیەوێت تواناو دەسەڵاتی کۆکردنەوەیانی هەیە.

وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ (30)

هەر بەڵاو نەهامەتیەکیان بەسەر بێت، ئەوەدەرئەنجامی کاروکردەوەی خۆتانە(بەڵام ئەوەندەخوایەکی میهرەبانە) لەزۆربەی زۆری (گوناهو هەڵەکانتان) خۆش دەبێت.

وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ (31)

(ئەی گرۆی خوانەناسان) ئێوەناتوانن لەژێر دەسەڵاتی خوادا دەرباز ببن لەزەویدا، جگەلەخوای گەورەش کەس ناتوانێت پشتیوانتان بێت و سەرتان بخات.

وَمِنْ آيَاتِهِ الْجَوَارِ فِي الْبَحْرِ كَالْأَعْلَامِ (32)

لەنیشانەو بەڵگەی دەسەڵاتی خوا ئەو کەشتیانەیەکەوەك کەژو کێو هاتوچۆ دەکەن بەدەریاکاندا، (بەیاسایەکی ڕێك و پێك).

إِن يَشَأْ يُسْكِنِ الرِّيحَ فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ عَلَى ظَهْرِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ (33)

خۆ ئەگەر بیەوێت هەروا دەوەستێنێت و لەسەر پشتی دەریاكەدەوەستن و لەكاردەكەون، ئا لەم تواناو دەسەڵاتەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ هەر كەسێك كەزۆر خۆگرو سوپاسگوزارە.

أَوْ يُوبِقْهُنَّ بِمَا كَسَبُوا وَيَعْفُ عَن كَثِيرٍ (34)

یان جاری وا هەیەكەشتییەكان بەخۆیان و سەرنشینەكانیانەوەدەشكێنێت و نوقمیان دەكات (لەئەنجامی تاوان و گوناهی خەڵكەكەوە)، گەلێك جاریش چاوپۆشی (لەهەڵەو تاوانی) زۆر دەكات و(دەیانهێڵێتەوە).

وَيَعْلَمَ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ (35)

(ئەم ڕوونكردنەوەیەش بۆ ئەوەیەكەخوانەناسان) بزانن، بەتایبەت ئەوانەی كەموجادەلەو دەمەدەمێ دەكەن و رەخنەیان لەئایەتەكانی ئێمەهەیە، كەلەكاتی (تەنگانەدا) كەس پەنایان نادات و كەس فریایان ناكەوێت (جگەلەخوای گەورە).

فَمَا أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَى لِلَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (36)

جا هەر شتێكتان كەپێ بەخشراوە، ئەوەزینەتی ژیانی ئەم دنیایەیە(كەڕێگوزەرێكەبەرەو قیامەت)، بەڵام ئەو بەشەی كەلەلای خوایەچاكترو بەردەوامترەبۆ ئەوانەی كەباوەڕیان هێناوەو پشتیان بەپەروەردگاریان بەستووە...

وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ (37)

ئەوانەی خۆیان لەگوناهی گەورەو تاوانی خراپ و ناشرین دەپارێزن، كاتێك كەتووڕەدەبن (لەسەر هەڵەیەك كەبەرانبەریان دەكرێت) هەر ئەمان چاوپۆشی دەكەن و لێدەبورن...

وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ (38)

ئەوانەش کەبەدەم بانگەوازی پەروەردگاریانەوەدەچن و نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام دەدەن، وەکاروباریان هەردەم بەمەشوەرەت و ڕاوێژکارییە، وەلەو ڕزق و ڕۆزییەی کەپێماندداون، دەبەخشن...

وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنتَصِرُونَ (39)

هەروەها ئەوانەی کەدەستدرێژیان کرایەسەر، دەسەوسان ناوەستن وبەرگریی لەخۆیان دەکەن...

وَجَزَاء سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (40)

جا تۆڵەی هەر تاوانێك بەئەندازەی تاوانەکەیە(بێ زیاد وکەم)، خۆ ئەگەر کەسێك لێخۆشبوونی هەبێ و چاوپۆشی بکات ئەوەپاداشتی لای خوایە، بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت...

وَلَمَنِ انتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُوْلَئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ (41)

لەڕاستیدا ئەوەی حەقی خۆی دەسێنێ دوای ئەوەی کەستەمی لێکراوە، ئەوانەلێپرسراو نابن (ئەگەر لەسنوور لانەدەن)...

إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُوْلَئِكَ لَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ (42)

بەڵکو تەنها ئەوانەبەرپرس دەبن کەستەم لەخەڵکی دەکەن و دەستدرێژیی دەکەن بەناحەق لەزەویدا، ئا ئەوانەسزاو ئازاری بەئێشیان بۆ هەیە...

وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ (43)

لەڕاستیدا ئەوەی دان بەخۆیدا بگرێت و چاوپۆشی بکات و لێخۆشبوو بێت (لەکاتێکدا کەدەتوانێ تۆڵەبسێنێت) ئەوەکارێکی بەجێ و چاك و پەسەند ئەنجام دەدات...

وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن وَلِيٍّ مِّن بَعْدِهِ وَتَرَى الظَّالِمِينَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ يَقُولُونَ هَلْ إِلَى مَرَدٍّ مِّن سَبِيلٍ (44)

ئەوەی ڕێبازی خوای لێ ون ببێت، ئەوەئیتر کەسی تری دەست ناکەوێت تا ڕێگەی ڕاستی نیشان بدات، ئەوسا تۆ ئەی (محمد صلی اللهعلیەوسلم لەقیامەتدا) دەبینیت ستەمکاران کاتێك سزاو ئەشکەنجەی (دۆزەخ) دەبینن (بەکەساسیەوە) دەڵێن: داخۆ هیچ مۆڵەتی گەڕانەوەهەبێت، (تا خوا چۆن دەفەرموێت وا بکەین؟!)

وَتَرَاهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَاشِعِينَ مِنَ الذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ وَقَالَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلَا إِنَّ الظَّالِمِينَ فِي عَذَابٍ مُّقِيمٍ (45)

سەرئەنجام دۆزەخیان دەبینیت ڕاپێچ دەکرێن، هەموو پەست و زەلیل و لارەمل و خەجاڵەتن، (لەشەرمەزاریی و لەترسدا، لەژێرەوە) بەتیلەی چاو دەڕوانن بۆ ئەملاولای خۆیان، (ئا لەو کات و بارودۆخەدا ناخۆشەدا) ئیمانداران دەڵێن: خەسارەتمەندو زەرەرمەندان ئەمڕۆ ئەوانەن کەخۆیان و کەس و کارو ماڵ و مناڵیان لەدەستداوە(کەس و کارو خزم و هاوەڵانیان ئەگەر لەدۆزەخدان ئەوەهیچ مایەی دڵخۆشی نین، خۆ ئەگەر لەبەهەشتدان، ئەمانیان هەر لەیاد نیە)، (ئینجا ڕادەگەیەنرێت کە) ئاگاداربن: ستەمکاران لەئازارو ئەشکەنجەی بەردەوامدا دەژین...

وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَاء يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن سَبِيلٍ (46)

هیچ دۆست و پشتیوانێکیان نیەجگەلەخوا کەلەدەست سزاو تۆڵەڕزگاریان بکات، جا ئەوەی خوا سەری لێ بشێوێنێت و گومڕای

بکات (چونکەخۆی شایستەکردووە) ئیتر ڕێبازی ڕزگاریی و سەرفەرازیی دەست ناکەوێت.

اسْتَجِيبُوا لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَأٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ (47)

بەپیری بانگەوازی پەروەردگارتانەوەبچن پێش ئەوەی کەڕۆژێك بێت ویستی خوا وادەبێت: گەڕانەوە(بۆ دنیا ئەستەمە) ئەو ڕۆژەئیتر هیچ پەناگەیەکتان نابێت و کەسێك نابێت ڕەخنەبگرێت (لەتەمێکردنتان).

فَإِنْ أَعْرَضُوا فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا الْبَلَاغُ وَإِنَّا إِذَا أَذَقْنَا الْإِنسَانَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ الْإِنسَانَ كَفُورٌ (48)

ئەگەر (خوانەناسان) پشتیان هەڵکردو گوێیان نەگرت (ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم داخیان بۆ مەخۆ) چونکەئێمەتۆمان نەناردووەچاودێربێت بەسەریانەوە، بەڵکو تەنها گەیاندنی (ئەم بانگەوازو قورئانەت) لەسەرە، (ئاشکراشە) کە: ئێمەکاتێك نازو نیعمەت و ڕەحمەتێك دەڕێژین بەسەر ئادەمیزادا زۆر پێی دڵخۆش و شادمانە، خۆ ئەگەر توشی بەڵاو ناخۆشیەك بوون بەهۆی کاروکردەوەی خراپیانەوە(دەبینیت) ئادەمیزاد زۆر سپڵەو بەدنمەکەو نازونیعمەتەکان فەرامۆش دەکات.

لِّلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ (49)

هەموو ئاسمانەکان و زەویش خوا خاوەنیەتی، هەرچی بوێت دروستی دەکات، بەهەرکەس کەبیەوێت تەنها کچ دەبەخشێت، وەبەهەرکەس کەبیەوێت کوڕ دەبەخشێت...

أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيمًا إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ (50)

یاخود لەهەردوو جۆر (بەهەندێ خێزان دەبەخشێت) لەکوڕو لەکچ (هەمیشەویستی خوا وایە) کەهیچی نەدانێ و نەزۆك بێت، بەڕاستی ئەو زاتەزاناو بەدەسەڵاتە.

وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَاء حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ (51)

هیچ کەس بۆی نیەخوای گەورەوتووێژی لەگەڵدا بکات مەگەر لەڕێگەی وەحی و نیگاوە، یان لەپشتی پەردەوە، (وەك موسا پێغەمبەر)، یان نێردراوێکی (وەك فریشتەجبرئیل) دەنێرێت کەبەگوێرەی فەرمان و مۆڵەتی خوا چی پێ سپێردراوەدەگەیەنێت، بەڕاستی ئەو زاتەخوایەکی بڵندو بەرزو داناو کاربەجێیە.

وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَنْ نَّشَاء مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (52)

ئابەو شێوەیەی (کەدەیزانیت ئەی محمد صلی اللەعلیەوسلم) ئێمەقورئانمان بۆ ڕەوانەکردیت لەلایەن خۆمانەوە(کەژیانبەخشەبەڕۆح و گیان و عەقڵ)، تۆ نەت دەزانی قورئان چییەو ئیمان چییە، بەڵام ئێمەئەم قورئانەمان کردەڕووناکی و نورێك کەهیدایەت و ڕێنموونی هەرکەس کەبمانەوێت لەبەندەکانمانی پێ دەکەین، (ئەوانەی دڵی بۆ دەکەنەوەو بەچاکیی گوێی بۆ دەگرن)، بێگومان تۆ (ئەی پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم) ڕێنیشاندەریت و ڕێنموونی دەکەی بۆ ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست و دروست...

صِرَاطِ اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ أَلَا إِلَى اللَّهِ تَصِيرُ الأمُورُ (53)

ڕێگەو ڕێبازی ئەو خوایەی کەهەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایەهەر خۆی خاوەنیانە، ئاگاداریش بن کە: هەموو شتێك و سەرئەنجامی هەموو کارێك بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە.